ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
57
10 ی نیسان/ ئەپریل 2023



## پرۆسەی ئازادی یان وێراکردن!

**موحسین کەریم**

٢٠ ساڵ بەسەر روخاندنی رژێمی بەعس لەلایەن ئەمریکاوە تێدەپەڕێت، بەڵام هێشتا بارودۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئەمنی عێراق نەک هیچ باشبوونێکی بەخۆوە نەدیوە، بەڵکو عێراق هەموو خاسیەتەکانی دەوڵەتێکی لەدەستداوەو لەلایەن کۆمەڵێک میلیشیای چەکداری ئیسلامی- قەومیەوە حوکم دەکرێت کە سەریان یان بە ئێرانەوە یان بە ئەمریکاو وولاتانی ناوچەکەوە گرێداوە و عێراقیان کردۆتە مەڵبەندی ساغکردنەوەی بەرژەوەندیەکانی ئەو دەوڵەتانەو هەر رۆژەی کارەسات و گرفتێک روبەروی خەڵکی عێراق دەکەنەوە.

ئەم دۆخە بەرهەمی ئەو جەنگەیە کە ئەمریکا بەناوی پرۆسەی ئازادی عێراقەوە لەپێناو بەرژەوەندیە ئابوری و سەربازیەکانی خۆی لەئاستی جیهان و لەناوچەی کەنداودا بەرپای کرد و ئاکامەکەی روخانی دەسەڵاتەکەی سەدام و رژێمی بەعس و رادەستکردنی دەسەڵاتی سیاسی عێراق بە کۆمەڵێک میلیشیای چەکداری ئیسلامی و قەومی لێکەوتەوە. بەڕواڵەت عێراق لە دەسەڵاتێکی سەرکوتگەری قەومی- عروبی فاشیست رزگاری بوو، بەڵام چارەنوسی خەڵکی عێراق کەوتە دەست کۆمەڵێک میلیشیای کۆنەپەرست و فاشیست و ئینسانکوژ کە باکیان نەبوو لە کوشتنی هەزاران کەس لەپێناو گەیشتن بە ئامانجە سیاسی و بەرەوەندیەکانی خۆیان و دەوڵەتانی ئاغایان. باکیان نەبوو لە لەخوێن هەڵکیشانی کۆڵان و شەقامەکانی شارەکانی عێراق

بۆ لاپەڕە ٢

**ئاڵۆزیەک لە هەڵبژاردنی هەرێمدا!**
**عوسمان حاجی مارف** بۆ لاپەڕە ٩

## یەکی ئایاری ئەمساڵ رۆژی "نا" وتنی چینی کرێکارە بە جەنگ و میلیتاریزم!



## با یەکی ئایاری ئەمساڵ بکەینە رۆژی خۆنواندنی چینایەتیمان!

**خەسرەو سایە**

بۆ لاپەڕە ٣



## نەوت و ڕێکەوتن لە نەخشەی بارزانیدا

**عوسمان حاجی مارف**

بۆ لاپەڕە ٥



## تەقینەوەی دوای تەقینەوەکەی فرۆکەخانەی سلێمانی!

**عبدللە محمود**

بۆ لاپەڕە ٧



## نارەزایەتی کرێکارانی فەرەنسا و پێشرەویەکانی!

**نوری بەشیر**

بۆ لاپەڕە ١٠

※ بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەربارەی ریکەوتنی نێوان هەرێم و بەغدا! ............لاپەڕە ٨

※ بەیاننامەی حزب سەبارەت بە هێرش بۆسەر فرۆکەخانەی سلێمانی؛ ....دوالاپەڕە

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

## درێژەی...... پرۆسەی ئازادی یان وێرانکردن!

و لە کوشتنی هاوڵاتیانی عێراق لەسەر سونی بوون یان شیعە یان کورد بوون. باکیان نەبوو لە تالانکردنی هەموو سەرچاوەکانی داهات و دەستبەسەراگرتنی بیرە نەوتەکان لەلایەن فلانە گروپی چەکدارو دانانی سەرانەو باج لەسەر شوێنە گشتیەکان...
دوای ئەوە کە عێراقیان کردە مەیدانی ململانێی نێوان بەرژەوندیەکانی ئەمریکاو ئێران و شەرێکی ناوخۆی خوێناویان بەسەر خەڵکی عێراقدا سەپاند، سەرەنجام لەسەر لاشەی قوربانیەکان کۆبوونەوەو دەسەلاتیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکرد. بەناوی پەرلەمان و حکومەتەوە هەموو جومگەکانی دەسەلات و ئابورییان بۆخۆیان قۆرخ کردو خەڵکی عێراقیان لە هەژاری ونەبوونی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانی وەکو ئاوو کارەبا و نەخۆشخانەو خوێندن و .. بێبەشکرد. کاتێکیش خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و لاوانی عێراق دژی ئەو دۆخە سیاسی و ئابوریە دەستیان دایە نارەزایەتی دەربرین و خۆپیشاندان، میلیشیا چەکدارەکانی ناو دەسەلات و دەرەوەی دەسەلات کەوتنە کوشتن و رفاندن و سەرنگونکردنیان، کە بەتەنها لە خۆپیشاندانەکانی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٩دا لە بەغداو هەندێ شاری وەکو بەسرەو ناسریە زیاتر لە ٦٠٠ خۆپیشاندەر کوژران و نزیکەی ٢٠هەزار خۆپیشاندەریش بریندابوون و سەدان هەڵسوراو و ڕێکخەرو هەڵسوراوی سیاسی ناو خۆپیشاندانەکان تیرۆرکران.

لەژێرسایەی دەسەلاتی میلیشاییدا، هیچ جۆرە ئاسایش و ئارامیەک بۆ خەڵک نەمایەوە. خەڵک وای لێهات موحتاجی ئاسایش و ئەمنیەت بێت!
سەرەرای ئەوە خودی سوپای ئەمریکا، لەجەرگەی شەرەکەیدا بۆ روخانی بەعس و دواتر تا کاتی جێهێشتنی عێراق، دەستی نەپاراست لە گرتن و سوکایەتی پێکردن و هەڵوکاتەن سەر ماڵان و کوشتنی خەڵکی مەدەنی بەناوی دژایەتی پاشماوەکانی بەعش و تیرۆرەوە. زیندانی ئەبوغرێب یەکێکە لە نمونە ئابروبەرەکانی دەسەلاتی ئەمریکا لە عێراق وەکو دەوڵەتێکی داگیرکەر، دەستیشی نەپاراست لە کاولکردنی بنکەو دامەزراوە ئابوری و پیشەسازیەکان و وێستگەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کارەبا و پاکردنەوەی ئاوی خواردنەوە. سەرباری ئەو زیانانەی کە پێشترو بەهۆی شەری کەنداوی یەکەم لەساڵی ١٩٩١ و دواتریش بەهۆی گەمارۆی ئابوریەوە بە دامەزراوە پیشەسازی و خزمەتگوزاریەکانی عێراق گەیشتبوو. ئەمە گرفتی جدی بۆخزمەتگوزاریەکانی وەکو کارەبای نیشتمانی و ئاوی خواردنەوە دروستکرد. سەرباری ئەوەی کە دەیان کارگەو ناوەندی پیشەسازی کاولکران و هەزاران کرێکار بێکارکران و عێراق بەتەواوی بووە مەڵبەندێکی هاوردەکردنی ووردەدورشتی پێداویستیەکانی ژیانی خەڵک. سەرباری ئەوە بەرپرسانی ئەمریکا بەمەبەست دامەزراوەی کشتوکاڵی عێراقیان لەناوبرد، بەوەی کە بەسەپاندنی فەرمانی ٨١، ئەوەیان لە جووتیاری عێراقی قەدەغە کرد کە تووی دروێنەکراو هەڵبگرێ یان دابەشی بکات تا لە ئەنجامدا پشت ببەستن بە بازرگانییە گەورەکانی وەک مۆنسانتۆ، کارگیل ئینکۆ و داو کیمیکاڵی ئەمریکی بۆ دەسخستنی بنەتۆوا! ئەمە سەرباری کاریگەری ئەو چەکە مەترسیدارانەی کە لەکاتی شەرِدا و دواتریش لە هێرشەکانی بۆسەر فەلوجەو ناوچەکانی دیکەی عێرقدا بەکاری هێناون و هەزاران هاوڵاتی تووشی نەخۆشی کوشندەو نەخۆشی شێرپەنجە کردووە و بەردەوامیش کاریگەریەکی لەسەر منالان و تازە لەدایکبوان هەیەو ڕێژەی شێرپەنجە بەشێوەیەکی ترسناک لە عێراقدا زیادی کردوە.

ئێستاش عێراق وەکو ناوچەیەکی نفوزی ئەمریکاو ئێران، بوەتە گۆرەپانی یەکلاکردنەوەی بەرژەوەندیەکانی ئەو دوو دەوڵەتەو سەرجەم هێزە سیاسی و میلیشیاییەکانی دەسەلاتدار و ئۆپۆزیسیۆن بەسەر ئەو دوو لایەنەدا دابەشبوون و هەر رۆژێک ململانێی ئەو دوو دەوڵەتە توندبێتەوە، دۆخی سیاسی و ئەمنی و ئابوری عێراق تێکدەچێت و باجەکەشی خەڵکی زەحمەتکێشی عێراق بە نرخی ژیان و گوزەرانی خۆیان دەیدەن!

ئەو ئەزمونەی کە دەبێ خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان و عێراق لەم رووداوە تراژیدیەوە وەریبگرن ئەوەیە کە دەوڵەتانی ئیمپریالیستی و بۆرژوایی ئەو هێزو لایەنە نین بۆ رزگاربوون لە دەست رژێمیکی سەرکوتگەر و چەوسێنەرو درِندە پشتی پێببەستن. بەتایبەتی بۆ خەڵکی کوردستان، کە لەسەرەتادا وەهمێکی کوشندەیان بە ئەمریکاو دەوڵەتانی ئیمپریالیستی رۆژاوا هەبوو وە وەکو رزگارکەر لەدەستی رژێمی بەعس وێنایان دەکردن. دەسەلاتی گەندەڵ و تالانچی و سەرکوتگەرانەی یەکێتی و پارتی، بەرهەمی هاوپەیمانی ئەم دوو لایانە بوو لەگەڵ سیاسەتی جەنگی ئەمریکا لە ناوچەکەدا. لەسەر دەستی ئەمریکا و ئەورووپادا فەرمانرەوایی کوردستانیان رادەست کراو کرانە ملۆزم بەسەر سەری خەڵکی کوردستانەوە. ئێستاش کار بەوە گەیشتوە کە بەشێکی بەرچاوی خەڵکی کوردستان هیوا بخوازن لەم دەسەلاتە"خۆماڵی"ە دزو تالانچیە رزگاربین بە گەرانەوە بۆ ژێر سایەی دەسەلاتی حکومەتی ناوەندی! کە ئەوەش دیسانەوە کارەساتێکی دیکەی روبەروی خەڵکی کوردستان دەکاتەوە و دوای چەند ساڵێک دوبارە ناچار دەبن ئومێد بۆ کفندزی پێشوو بخوازنەوە؛ بۆیە خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان بۆ رزگاربوون لەستەم و نایەکسانی و تالانچێتی دەسەلاتی "خۆماڵی و بێگانە" دەبێ تەنها پشت بەهێزی ڕێکخراو و هوشیارانەی خۆیان ببەستن و لەدەوری ئاڵای شۆرشگێرانەی چینی کرێکارو سۆشیالیزمی کرێکاری کۆببنەوەو خەباتی خۆیان بەرەوپێش بەرن.

☆

# هاوڕێیانی کرێکار! با یەکی ئایاری ئەمساڵ بکەینە ڕۆژی خۆنواندنی چینایەتیمان!

خەسرەو سایە
saya.xasraw@yahoo.co.uk

یەکی ئایار ڕۆژی هاوپشتی ئەنتەرناسیونالیستی کرێکارانە لەسەراسەری جیهاندا، ڕۆژی هاتنەمەیدان و دەربڕینی نارەزایەتی چینی کرێکارە بەدژی نەزم و نیزامی سەرمایەداری. کرێکاران بەدوای تێپەڕینی ساڵێک بەسەر ڕەنج و میحنەتێک کە کێشاویانە چاو لەدۆخی کارو ژیانی خۆیان دەبڕن و لەگەڵ دەسکەوتەکانی خەبات و نارەزایەتیەکانیاندا بەراوردی دەکەن. لێرەشەوە پەنجە لەسەر کێشەو گرفتەکانی بەردەم هەوڵ و تیکۆشان و جموجوڵە کرێکاریەکانی یەکساڵی رابردووی خۆیان دادەنێن و یەکی ئایار دەکەنە سەرەتای دەستپێکردنەوەی ساڵێکی تر لەکارو هەوڵ وتێکۆشانەکانیان لەپێناو باشکردنی دۆخی کارو ژیانیان. بەمجۆرەش یەکی ئایار بەتەنها ڕۆژێک نیە بۆ جەژن و شادی، تەنانەت ڕۆژێک نیە بەتەنها بۆ خستنەڕووی داخوازیەکان، بەڵکو ڕۆژێکە بۆ مەحکومکردن و دادگاییکردنی نەزم و نیزامی سەرمایەو سەرمایەداری. نیزامێک کە لەسەر کۆیلەیەتی کاری بەکرێ و چەوساندنەوەی ئینسان لەلایەن ئینسانەوە دامەزراوە. کەوایە با یەکی ئایاری ئەمساڵیش وەک ساڵانی پێشوو، بکەینە مەیدانی گەرمکردنی هەڵسورانێکی بەرین و چالاککردنەوەی کۆروکۆمەڵە کرێکاریەکان. با دەستبخەینە نیودەستی یەکتر و ناوەندەکانی شار و کارگەو دامەزراوەکان بکەینە شوێنگەی بەرپاکردنی مەراسیمە سەراسەری و محەلیەکانمان و ئالای سوری ئایار بەسەریاندا بشەکێنینەوە. با ئایار ڕۆژی گەلاڵەکردنەوەی داخوازیەکانمان بێت و هەڵسوراوان و رابەرانی کرێکاری بلندگۆکان بەدەستەوە بگرن و بەکۆمەڵگاو سەرمایەداران و دەسەلاتەکەی رابگەیەنن کە ئێمە کرێکاران خاوەنانی ئەسڵی کۆمەلگاین، ئێمەین کە چەرخەکانی بەرهەمهێنان دەچەرخێنین و سامان و داهاتی کۆمەڵگاو هەرچی نازو نیعمەت هەیە دەیخولقێنین، کەچی لەسایەی حاکمانی سەرمایەدا ڕوت و ڕەجاڵ و برسین.

کرێکارانی کوردستان لەیەکساڵی رابردوودا، دەورەیەک لەنارەزایەتی و مانگرتن و خۆپیشاندانیان بۆ خواستی موچەو دامەزراندن و قازانجی ساڵانەو گەلێک خواستی تر کەڕووی لەباشکردنی دۆخی کارو ژیانیان بووە، پشتسەرناوەو توانیویانە وەک بزوتنەوەیەکی جیاواز لەسەر شانۆی کومەڵگای کوردستان خۆیان بنوێنن. کەوایە لەیەکی ئایاری ئەمساڵدا دەبێ هەنگاوەکان بۆ سەراسەریکردنەوەی ئەم بزوتنەوەیە و دابینکردنی رابەری سەراسەری و پێکهێنانی ڕێکخراوەی جەماوەری سەربەخۆی کرێکاری ڕێچکە بگرێ و یەکی ئایار ڕۆژێک بێت بۆ دانانی بەردی بناغەی زاڵبوون بەسەر ئەم کەموکوریانەدا.

بەڵام کرێکارانی کوردستان ئەمساڵ لەدۆخێکی جیهانی و ناوخۆیدا بەرەوپیری ئایاری دەچن، کە لەلایەک جەنگ لەئۆکرانیا دەرگای قۆناغێکی تازەی لەململانێی هێزە ئیمپریالیستیەکان خستۆتە سەر پشت و لەپێناو دابەشکردنەوەی جیهان و ناوچەکانی نفوزیاندا، کۆمەڵگای بەشەریان ڕووبەڕووی کاولکاری و ئاوارەیی و کوشتارو جەنگێکی خوێناوی کردۆتەوە. لێکەوتەکانی ئەم دۆخە جگە لە هەژاری و گرانی و ماڵوێرانی، خەباتی چینایەتی کرێکارانی لەدژی دەوڵەتانی سەرمایەداری بەرەو هەڵومەرجێکی سەختو دژوار راپێچداوە. هەربۆیە لەئایاری ئەمساڵدا دەبێ کرێکاران راگەیەنن کە جەنگی سەرمایەداران جەنگی ئێمەی کرێکاران نیە، هاوکات کرێکارانی ولاتان و نەتەوە جیاوازەکان نەک هیچ بەرژەوەندیەکیان لەکوشتارو کینەتۆزی قەومیدا بەرامبەر بەیەک نییە، بەڵکو هەموویان بەشە جیا جیاکانی ئۆردوی کار پێک دەهێنن و لەگەڵ یەک چارەنوس و یەک بەرژەوەندی چینایەتی هاوبەش بەروروون. لەلایەکی ترەوە کرێکارانی کوردستان لەدۆخێکی ناوخۆییدا پێشوازی لەئایاری ئەمساڵ دەکەن کە قەیرانێکی قوڵی سیاسی و ئابوری یەخەی بەدەسەلاتداران گرتووەو بەهۆیەوە کۆمەلگای کوردستانی لەدۆخێکی یەکجار سەخت و نادیاردا ڕاگرتووە و دەیان کێشەو گرفتی ڕوبەرووی خەلکی کرێکارو زەحمەتکێش کردۆتەوە. لەئاکامیشدا بزوتنەوەیەکی نارەزایەتی جەماوەری بۆ نان و کارو خزمەتگوزاری پێیناوەتەمەیدانەوە.. بەرامبەر بەم دۆخەش کرێکارانی کوردستان نابێ هەر لەچوارچێوەی داخوازی کارگەیی و پیشەییدا بمێننەوەو دەبێ وەک رابەری کۆمەلگا قامەتی خۆی دەرخات و بزوتنەوەکەی ببێتە ناوکۆکەی بزوتنەوەیەکی سیاسی شۆڕشگێرانە بۆدەرکێشانی کۆمەڵگای کوردستان لەو گێژاو بنبەستە سیاسی

و ئابوریەی کەچینی دەسەلاتدار تێیدا چەقیون. بەمجۆرەش بزوتنەوەی کرێکاری و خەباتی کرێکاران بکەینە سەکۆی گێرانەوەی ئومید بۆ هەموو چین و توێژە نارازی و ستەملێچووەکانی کۆمەلگا.. کەوایە با بەگورو توانایەکی فراوانەوە بەرەو پیری ئایار بچین و کورەی خەباتی چینایەتیمان گەرم کەین و ئەم خالانەی خوارە بکەینە بنەمای هەنگاوەکانی ئایاری ئەمسالمان:

١/ ئامانجی ئێمە کرێکاران لە پێشوازیکردنی یەکی ئایاردا، بەرپاکردنی مەراسیم و چالاکیە سەربەخۆکانی کاریکارانە. کەوایە دەبێ هەر لەئێستاوە دەستبەکار بین و خۆمان بۆ ئەم مەراسیم و چالاکیانە لەئاستی هەر شارەو هەر ناوەندێکی کاردا ئامادەبکەین و لەپێناو سەراسەریکردنەوەو لێک گرێدانیاندا هەنگاو هەلگرین.

٢/ یەکی ئایار رۆژی کرێکارانەو دەبێ وەک پشویەک رەسمیەت وەربگرێ، لەم رۆژەدا دەبی لەهەولی راگرتنی کارو چەرخەکانی بەرهەمهێناندا بین. رۆژێک بێت بۆ کۆبوونەوە لەدەوری یەک و خۆنواندنمان بەرامبەر بە خاوەنکارو کۆمپانیاکان و رابگەیەنین کەیەکی ئایار رۆژی کرێکارە، رۆژی پشوو و راگرتنی کارە.

٣/ یەکی ئایار جەژنی کرێکارانە و مۆلەت لەهیچ لایەنێک ناخوازێت. بەرپاکردنی مەراسیم و شادی لەمرۆژەدا مافێکی بێئەملاولای کرێکارانە و دەبێ ئازادی خۆنواندن و پێکهێنانی رێکخراوەی سەربەخۆی کرێکاری و مانگرتن بەرەسمی بناسرێت.

٤/ ئەگەر یەکی ئایار رۆژی کرێکاران بێت، کەوایە دەبێ هەرجۆرە مەراسیم و چالاکیەکی دەسەلاتداران و سەندیکای سەر بەحزبەکانی نێو دەسەلات کەبەناوی ئایارەوە بەرێی دەخەن، بایکۆت بکرێ و تەنها مەراسیم و چالاکیە سەربەخۆکانی کرێکاران ببنە مەیدانی خۆنواندنی کرێکاران.

٥/ لەیەکی ئایاردا پێویستە کرێکاران وەک رابەری کۆمەلگا و رزگاری کۆمەلایەتی دەرکەون و بەدیلی سۆشیالیستی چینی کرێکار رێگایەک بێت بۆ وەلامدانەوە بەکێشەو گرفتەکانی چین و توێژە مەحروم و دەستەنگەکان.

٦/ رۆژی یەکی ئایار رۆژی خستنەرووی ئیدعانامەو داخوازیە سەراسەریەکانی کرێکارانە، رۆژی هەلبرینی دەنگی ئازادی و یەکسانی و عەدالەتی کۆمەلایەتیە، رۆژێکە کە کرێکاران داوا سەرەکیەکانیان بەرووی دەسەلاتداران و خاوەنکارەکاندا دەدەنەوە. لەوانە: ئازادی بێمەرجی سیاسی ، ئازادی مانگرتن و ریکخراوبوون، زیادکردنی موچە بەپێی ژیانێکی تەسەل، کار یان بیمەی بیکاری بۆ سەرجەم ئامادەبەکارانی کوردستان، یەکسانی ژن و پیاو لە بەدەستهێنانی کارو کرێ و فیربووندا، دابینکردنی خزمەتگوزاریە گشتیەکانی وەک خویندن، ئاوو کارەبا وسوتەمەنی، دەرمان و چارەسەری پزیشکی بەخۆرایی و بەنرخێکی کەم...

با بەهەموتوانامانەوە بەرەوپیری یەکی ئایاری ئەمسال بچین ..

بژی ئایار رۆژی جیهانی و ئەنتەرناسونالی کرێکاری..

٩/٤/٢٠٢٣

★

## هەندێ لە دروشم و داخوازیەکانی ئایاری ٢٠٢٣

- یەکی ئایاری ئەمساڵ رۆژی "نا" وتنی چینی کریکارە بە جەنگ و میلیتاریزم!
- نان و کار و ئازادی و خۆشگوزەرانی، خواستی چینی کریکاریی کوردستانە لە ئایاری ئەمساڵدا!
- ئەرکی حکومەتی هەرێمە وەک هەر هاوڵاتیەکی کوردستانی مامەڵە لەگەڵ کرێکارانی هاوتوو کۆچبەردا بکات.
- دەبێ موچە بەبێ لێبرین و دواکەوتن بەشێوەی مانگانە بدرێ. گێڕانەوەی موچە پاشەکەوتکراوەکان، لەلایەن حکومەتەوە، خواستی دەستبەجێی کرێکاران و کارمەندانە!
- هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی کاتی و بەدایمی کردنی گرێبەستەکان!
- دابینکردنی کار یان بیمەی بێکاری بۆگشت ژنان و پیاوانی ئامادە بەکار بەبێ جیاوازی !
- دەبێ رۆژی ١ ئایار ببێتە پشووی فەرمی لەسەرجەم ناوەندەکانی کارو دامەزراوەکاندا!
- دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانی ئاو و کارەبا،خویندن و تەندروستی،پاکردنەوەی شار ، بێبەرامبەر، ئەرکی حکومەتە !
- چوونە سەری لانی کەمی کرێ پێبەپێی گرانبوونی نرخی کاڵا پێویستیەکان!
- خواستی چینی کریکارە! ئازادیی ریکخراوبوون و مانگرتن و خۆپیشاندان، سەرەتاییترین مافی کرێکارانە!
- کاری منالان دەبێ قەدەغەبکرێت. حکومەت ئەرکیەتی بیمەی ژیان بۆ هەموو منالانی کوردستان دەستەبەربکات!

# نەوت و ڕێکەوتن لە نەخشەی بارزانیدا

## عوسمان حاجی مارف

مەزندەی ئەوە دەکرێت گوایە دەوڵەمەندترین حزبی دنیا "پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق"ە، ئەم دەنگۆیە چەندە واقعی بێت یان نا، لەوە کەم ناکاتەوە کە ئەو حزبەو خانەوادەی بارزانی یەکێ لە پلە بەرزترین ملیاردێرەکانی دنیان. سەرچاوەی سەرەکی ئەم سامانە بێشوومارەش جگە لە بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی ژێر زەوی و سەر زەوی کوردستان، شتێکی تر نیە.

بنەماڵەی بارزانی لەژێر ناوی حزبی دیموکراتداو بە هێزی چەکداری، بەدوای چەندین ساڵ بە سەوداو مامەڵە و بازرگانی بە مەسەلەی کوردەوە، دواجار لەسەروبەندی شەڕی کەنداو و داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، توانیان ناوچەیەکی ستراتیژی لە خاکی کوردستانی عێراق، بخەنە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی هێزەکەیانەوە، لەهەمانکاتدا دەسەڵاتێکی میلیشیاییان داسەپاند، کە ماوەی سی ساڵ زیاترە بونەتە بەلاو کارەسات بەسەر ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی ئەو ناوچەیەوە.

سەرەتا دەستگرتنیان بەسەر مەرزی برایم خەلیل و پاشان تاڵانی و قاچاخچێتی و بازرگانی بە نەوت و دامەزراندنی کۆمپانیاو کەڵەکەی سەرمایە،.. سەرچاوەی سەرەکی تەواوی ئەو نەخشەو پلانە سیاسیانەی بارزانیەکان بووە، کە لەلایەک هەرێمیان پێ بەڕێوەبردووە، لەلایەکی ترەوە چارەنوسی پێگەی کێشمەکێش و شەڕو ڕێکەوتن و پەیوەندیە سیاسی و دیبلۆماسیەکانیانی دیاریکردووە.

بارزانیەکان لەژێر پەردەی هەر دروشم و بانگەوازێکی سیاسی و دڵسۆزی بۆ کوردستان و شانازی بەکوردایەتیەوە بێت، ئەو دەیان ملیارە دۆلارەی لە کەڵەکەی سەرمایەدا بەدەستیان هێناوەو لە بانکە جیهانیەکاندا پاراستویانە، دەرخەری بنەمای ئەوپەڕی ڕوخساری قێزەون و ڕیسوایی پێگەی هێزو دەسەڵاتی سیاسیان بوو لەدنیادا.

تەواوی مێژووی سەوداومامەڵەی سیاسیان بەهەر بەهایەکی نائینسانی و لەسەر بەقوربانیکردنی ژیانی هەزاران ئینسان کەوتبێت، بەڵام مەسەلەی بنەڕەتی بۆیان پاراستنی دەسەڵات و پێگەو نفوزی سیاسی هێزەکەیان بووە، لەپێناو بەردەوامیدان بە تاڵانی و سەرمایەگوزاری و کەڵەکەی سەرمایەیدا. ئەم ڕوخسارە نائینسانیە لە دەسەڵات و گەمەی سیاسی بارزانیەکاندا، هیچ کات شاراوە نەبووە خەسڵەتێکی ئاشکرای پێکهاتەی هێزەکەیان بووە، لەچونەپێشەوەو شەڕو ئاشتی و ڕێکەوتن و پاشەکشە و شکستدا، هەمیشە خەڵکیان کردۆتە قەڵغان و قوربانی بۆ پێداویستی هەر مامەڵەو دەستکەوتێک مەبەستیان بوبێت.

هەموو ئەم واقعیەتە قێزەوەنەی بارزانیەکان لە هەر هەنگاوێکدا گەر ئەوپەڕی ملکەچی و شەرمەزاریشیان نواندبێت، لەوە دانەبڕاوە کە لەو ناوچە ستراتیژیەی جوگرافیای کوردستاندا هێزی یەکەم و باڵادەست و بەنفوزترین هێز بون و هەن. بەمانایەک سی ساڵ زیاترە ناوچەی زۆنی زەرد قۆرخکراوی ژێردەستەی دەسەڵاتی هێزێکە کەبە ویست و ئارەزوی بێ بەزییانە، یاری بە ئیرادەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە دەکات.

بەدوای چەندین ساڵ لە مێژویەکی پڕ مەینەتی و بەڵاو دەردیسەری و یاری و قومارکردن بە چارەنوسی نادیاری خەڵکی کوردستانەوە، کە بە ڕۆڵی هەردوو دەسەڵاتی میلیشیای بارزانی و تاڵەبانی بەڕێوەبراوە، جارێکی تر لەسەروبەندی هەلومەرجێکی قەیراناوی ئابوری و سیاسی لە دەوارنی ئێستای ناوچەکەدا، هەنگاوێکی تر لەو گەمە سیاسیانەی پارتی، مەسرور بارزانی بە ناچاری واژۆی ڕێکەوتنێکی تازەی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا ئەنجامدا، کە دەربارەی ناردنە دەرەوەی نەوتە بە سەرپەرشتی لیژنەیەکی پێکهاتوو لە نوێنەرانی عێراق و کوردستان.

ئەم ڕێکەوتنە بە چەندین بۆچونی جیاوازو بەرژەوەندی جیاوازەوە، خەریکە لێکدانەوەی شکستی بۆ دەکرێت، یا بەدەستکەوت و سەرکەوتن پێناسە دەکرێت، ئەمانەش جۆرە لێکدانەوەیەکن لەنێو هاوکێشە سیاسیەکاندا تەنها دەگەڕێتەوە بۆ پێگەو مەوقعیەتی ئەو هێزە سیاسیانەی کە لە هەر قەیران و دیاردەو ڕوداوو کارێکی سیاسیدا چ ڕۆڵێکیان هەیەو چەندە بەرژەوەندیان پەیوەست دەبێت بەو دیاردەو ڕوداوو قەیرانەوە، یا ئەو ڕێکەوتنەی لەئارادایە. بەڵام واژۆکردنی ئەم ڕێکەوتنەی مەسرور و سودانی، تەنها ڕێکەوتنی بارزانیەکان و حکومەتی عێراقە لەچوارچێوەی هەلومەرجێکی سیاسیدا کە ئاڵوگۆڕێک لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق بەتایبەتی پێشبینی دەکرێت.

ئەم ڕێکەوتنە، لەلایەک سنووردارکردنی پارتیە لە مامەڵەی ئابوری و بازرگانی سەربەخۆ بە نەوتەوە، لەلایەکی ترەوە پابەندبونی گرێدانی زیاتری هەرێمە بە حکومەتی بەغداوە، بەو مانایەی سەربەخۆیی ئابوری و کوردستانی سەربەخۆ، لەسایەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیدا تەواو قەدەغە کراوە حزبەکانی کوردایەتیش هەم بە شەرمەزاری و هەم بە ملکەچی، بە ناوی سەربەرزیەوە ئەم

پاشەکشەیە بۆ هەتاهەتایە قەبوڵ دەکەن.

ئاکامەکانی ئەم ملکەچییە ناچاریەی بارزانیەکان بۆ حکومەتی عێراق، پێشوازی و قەبوڵکردنی ئەو ئاڵوگۆڕانەیە کە پێشبینی دەکرێت لە ئایندەیکی نزیکدا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوودات، کە بە دەورو دەخالەتی وولاتانی زلهێزی دنیاو وولاتانی ناوچەکە، هاوکێشە سیاسیەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت بە مەبەستی هەوڵدان بۆ زیاتر دابینکردنی ئارامی و دڵنیایی بوون لە دامەزراندنی سەرمایە لە ناوچەکە، بەم مانایە پێگەی هێزە سیاسیەکانیش پێویستە وەڵامدەرەوەی خۆ گونجاندن بن لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەدا، چونکە گەر هەر هێزێکی سیاسی نەتوانێ وەڵامدەرەوەی ئەو خۆگونجاندنە بێت، ئەوە لە کاروانی ئەو گۆڕانکاریانەدا بەجێ دەمێنێت، ڕێکەوتنی پارتی و بەغداد بەشێکە لە پرۆسەی ئەو گۆڕانکاریە.

هەربۆیە ئەو لێکدانەوانەی تەنها لە فەلەکی نیگەرانی یەکرێزی کوردو پاراستنی شێوازی قەوارەی ئێستای هەرێم دەسوڕێنەوە، ئەوە مانای ئەوەیە ئەولایەنانە ناتوانن وێنای پێشبینی ئەو ئاڵوگوڕانە بکەن و ناتوانن لەگەڵ ڕێڕەوی ئەو قەیران و ئاڵوگۆڕانەدا هەنگاو بنێن کە هەلی تازە بۆ سەرمایە گوزاری و کەڵەکەی سەرمایە بەجۆرێکی تر لە فەزای ئارامی سیاسیدا هەوڵی بۆ ئەدرێت.

ملکەچیەک کە بارزانیەکان و پارتی پێشوازی لێدەکەن، یەکەم پێگەی سیاسیان وەک هێزی یەکەم لە هەرێمدا ئەو هەلەیان بۆ ڕەخساوە، بەپیر ڕێڕەوی ئەو گۆڕانکاریانەوە بچن و لە شێوازو چوارچێوەیەکی پەیوەندی تردا بەرژەوەندیە ئابوریەکانیان بپارێزن و بەردەوام بن لە هەوڵیان بۆ جۆرێکی تر لە تاڵانچێتی و کەڵەکەی سەرمایە. دووەم ئەوەی مەبەستیان نیە لە پرۆسەی ئەم گۆڕانکاریانەدا، ژیان و گوزەرانی کرێکاران و زەحمەتکێشانە کە ئاخۆ بەرەو کام چارەنوس هەنگاو دەنێت. مەسرور وەک نوێنەرو پارێزەری بەرژەوەندی لایەنێکی سیاسی کە پارتی و بارزانیەکانە ئەم ڕێکەوتنەی واژۆ کردوە، نەک وەک نوێنەری خەڵکی کوردستان و بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان، لە نمونەو ئەزمونی تەواوی ئەو ڕێکەوتن و پەیوەندیانەیە کە لە ماوەی سی ساڵ زیاتری دەسەڵاتی بارزانیەکاندا ئەنجام دراوە، کەنەک هیچ پەیوەندیەکی بە بەرژەوەندی زۆرینەی خەڵکی کوردستانەوە نەبووە، بەڵکو مایەی هەژاری و بێدرەتانی و نائارامی زیاتر بووە. ئەم ڕێکەوتنەش لە هەلومەرجی سیاسی ئێستای ناوچەکەدا کە پارتی پێشوازی گەرمی لێدەکات، لەلایەن پارتیەوە بەناچاری کراوە بۆ پاراستنی هێزو دەسەڵاتەکەی لە ئەگەری دارمان! لەلایەکی تریشەوە دڵنیایە کە تەنها بەمجۆرە ڕێکەوتنە دەتوانێت جارێکی تر خەسڵەت و پێگەی تاڵانچێتیەکەی دەپارێزێت.

کێشەی ئەم ڕێکەوتنەی ئێستای بارزانیەکان و حکومەتی ناوەندی، ئەگەری ئەوە هەیە، لەلایەک پەیوەندی نێوان حزبەکانی کوردایەتی پەرشوبڵاوتر بکات و نەگونجانی زیاتری نێوانیان بخولقێنێت، لەلایەکی تریشەوە باڵادەستی و پاوانخوازی پارتی زیاتر خۆی بنوێنێت.

واتە گەر ڕۆڵی نارەزایەتیە جەماوەریەکان، فراوان بوون و خۆڕێکخستن و پێشڕەوی زیاتر نەنوێنێت بۆ کۆتایی بەدەسەڵاتی پارتی و تەواوی بزوتنەوەی کوردایەتی، ئەوە بارزانیەکان و پارتی وەک مۆتەکەیەکی قورس و گران بەسەر سنگ و هەناسەی خەڵکەوە لەو قەیران و گۆڕانکاریانەشدا وەک بەڵاو دەردیسەری درێژە بە مانەوەی خۆیان ئەدەن.

**حکومەت و دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی شکستی خۆی ڕاگەیاندووەو مانەوەی تەنها کارەساتەکانی ژیانی خەڵک زیاتر دەکات! کاتی ئەوە هاتوە خەڵک خۆتان بڕیاری کۆتایی بدەن و شێوازی ژیان و ئایندەی خۆتان دەستنیشان بکەن. سیاسەتبازەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی دۆستی درۆینەی ئێوەن و کاریان پاراستنی دۆخی ئێستایە لەزەبری توڕەیی و شۆڕشی ئێوە بەناوی دژایەتیکردنی ئەو دەسەڵاتەو حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە!**

**لەڕوانگەی کرێکاران و جەماوەری نارازیەوە ڕزگاربوون لەدەسەڵاتی ئێستا و ئەو گێژاو و میحنەتەی کە خەڵکی کوردستان تێی کەوتوە، تەنها دەستبردنە بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش، کەنەک هەر دەسەڵاتی حزبەکانی وەک یەکیەتی و پارتی کۆتایی پیبهێنێ، بەڵکو سیستەمێک لەدەسەلاتی سیاسی و ئابوری دامەزرێنی کەخواستەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بەکردەوە دەربهێنی.**

# تەقینەوەی دوای تەقینەوەکەی فرۆکەخانەی سلێمانی!

## عبدالله محمود

دوای ئەوەی لە بەرواری ٧ ی ئەم مانگە لەناو فرۆکەخانەی سلێمانی ئۆتۆمبیلێک کرایە ئامانجی هێرشێکی تیرۆریستی و کە دەوترێت چەند فەرماندەیەکی هێزەکانی سوریای دیموکراتی تیا بووە، تەقینەوەیەکی یەکجار گەورەی لە نێو ماڵ و ریزەکانی بۆرژوازی کورد بەدوای خۆیدا هێنا.

ئەگەر لە کردەوە تیرۆریستیەکەدا کە دەوڵەتی تورکیا لە پشتیەوەیەتی، هیچ کەسێک نەبوو بە قوربانی، بەڵام لەکاردانەوەی ئەو رووداوەدا تەقینەوەیەک روویدا، کە هێزە سەرەکی و باڵادەستەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی تیایدا قوربانی سەرەکیین لەچاوی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستاندا.

دوای هێرشە تیرۆریستیەکە، پارتی و وتەبێژی حکومەتەکەی هێرشێکی توندیان کردە سەر دەسەڵاتی زۆنی سەوز و بە دەسەڵاتی لە یاسا و لەحکومەت دەرچوو و خۆسەپێنی ناوچەکە و بە هۆکاری ئەم کردەوە تیرۆریستیەیان لە قەڵەمدا. هێندەی بۆشیان کرا، خۆیان لەوە بەدوور گرت ئەم کردەوە تیرۆریستیەو لایەنی جێبەجێکاری ئیدانە بکەن. لەبەرامبەردا کاردانەوەی یەکێتی لە زمانی باڤڵ تاڵەبانیەوە راگەیەنرا کە ئەم کردەوە تیرۆریستیە بەچاوساغی و هاوکاری پارتی بووە. دواتریش قوباد تاڵەبانی رایگەیاند کە قسەکەری حکومەت نوێنەری حکومەت نییەو قسەکەری پارتییە. مەکتەبی سیاسی بەهەمانشیوە پارتیان بە هاوکاری و نۆکەرایەتی بۆ تیرۆریزم لەقەڵەمدا، کە بەدوای خۆیدا وتەبێژی حکومەت رایگەیاند قوباد تاڵەبانی بندیوارە و خۆی لە بەرپرسیاریەتی دزیەوەتەوە! کاردانەوەو لێدوان و تۆمەتبارکردنەکان لەلایەن هەردوو لاوە چ پارتی و چ یەکێتی، لەخودی رووداوەکەی فرۆکەخانەی سلێمانی گەورەتر بوون، تا ئەو رادەیەی نیشانیدا کە تەقینەوەکەی ناو فرۆکەخانە لەچاو تەقینەوەی ناو ماڵی بۆرژوازی کورد، یاری مناڵانەیە. نیشانیدا پەیوەندی نیوان یەکێتی و پارتی لە حکومەتی کارتۆنیاندا، هێندە پەیوەندیەکی بۆش و لە بنەرەتدا دوژمنکارانەیە بەرامبەر بەیەکتری کە وڵاتە دیکتاتۆر و کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە، لەچاویاندا فریشتەن!

نوینەری حکومەتی هەرێم لە یەکەمین لێدوانیدا دەڵێت" ...ئەم دۆخە ترسناکە لەئەنجامی داگیرکردنی دامودەزگاکانی حکومەت و بەکارهێنانیان بۆ کاری نایاسایی هاتۆتەئاراوە " هەروەها"دەڵێت" رەفتاری دەسەڵاتێکی خۆسەپێنی حزبی لەسنووری سلێمانی کاری گەیاندە ئەوەی ئاسمانی تورکیا بەرووی فروکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی دابخرێت و دواتر پەلامار بدرێت..." قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت لەوەڵام بەلێدوانی یەکەمی نوێنەری حکومەت دەڵێت: "جوتیار عادل گووتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان نییە و تەنها نوێنەرایەتی حزبێک دەکات لە ناو حکومەتدا و...دوا بەیاننامەشی شەرمەزار دەکەین..."

وتەبێژی حکومەت لە وەڵامی قوباد تاڵەبانیدا دەڵێت: "کاک قوباد، جێگری سەرۆکوەزیرانی بندیوارە و مافی ئەوەی نییە باسی حکومەت بکات...."

باڤل تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتی دەڵێت "هێرشکردنە سەر فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی و هەوڵە نەزۆکەکەی نۆکەرانی بێگانە بەتوندی ئیدانە دەکەین کە ئامانج لێی تێکدانی ئاسایشی سنووری سلێمانییە. کردەی تاوانکاری و بەزاندنی سنووری هەرێم و عیراق بە چاوساغی و رێنیشاندانی لایەن و دەزگایەکی ئەمنی هەواڵگریی ناوخۆیی، حاڵەتێکی نامۆ نییە و مێژوویەکی درێژمان لەگەڵیدا هەیە..."

ئەم لێدوان و راگەیاندنانەی کە پارتی و یەکێتی وەکو دوو هێزی دەسەڵات بەدەستی دوو زۆن و وەکو پێکهێنەری حکومەت، بەرامبەر بەیەکتری لە ئاستی هەرە باڵای حزبی و حکومیدا دوای کردەوە تیرۆریستیەکەی سەر فرۆکەخانەی سلێمانی رایانگەیاند، ئەوە دەخاتەروو کە خەڵکی کوردستان لەگەڵ چ دوو هێزێکی نۆکەرپیشەو گریگرتەو نابەپرس و تاڵانچی بەرەو روون.

ئەو تۆمەتانەی هەردوولا، پارتی و یەکێتی، بە یەکتری دەڵێن، لەخۆوە نین و بۆختانیش نین، بەڵکو پشتبەستون بە بەڵگەی دەزگا هەواڵگری و جاسوسیەکانیان و داننانە بە کارو کردەوە و نۆکەرپیشەییان... داننانە بەو راستیانەی دەیان ساڵە خەڵکی ئازادیخواز و نووسەر و قەڵەمی ئازا و ئازاد بەیانی دەکەن و پارتی و یەکێتی بەزۆری هێز و زیندان و سەرکوت و تیرۆر وەڵامی دەدەنەوە.

دوای هێرشی تیرۆریستی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر فرۆکەخانەی سلێمانی و دوای هەموو رووداو و کردەوەیەکی تری هاوچەشن کە پارتی و یەکێتی، دەخاتە بەرامبەر بەیەکتری، هاوکات فایل و دۆسیەکانی جاسوسی و نۆکەرپیشەییان لەلایەن خۆیانەوە دەخرێتە روو.

هەموو ئەو راستیانە کە بەشکیان خودی یەکێتی و پارتی بەیانی دەکەن، تەنها گۆشەیەکن لە خەرمانی زۆروزەوەندی دژایەتی پارتی و یەکێتی و بزوتنەوەی کوردایەتی لەدژی خەڵکی کوردستان. ئەمەش ئەو راستیە دەخاتەوەروو، کە خەڵکی کوردستان بەرلەوەی لەگەڵ دەسەڵاتی وڵاتانی ناوچەکە بەرەو رووبێت، رووبەرووە لەگەڵ دەسەڵاتی هەزار سەری ستەم و بیمافی و تاڵانچیتی و نۆکەر پیشەی یەکێتی و پارتی.

هەربۆیە پێشمەرجی کۆتاییهێنان بە دەستێوەردانی دەرەکی و هێرش و ملهوری وڵاتانی ناوچەکە و کردەوە تیرۆریستیەکانیان، کۆتایی هێنانە بەدەسەڵاتی پارتی و یەکێتی و بزوتنەوەی کوردایەتی.

★

# بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەربارەی ڕیکەوتنی نێوان هەرێم و بەغدا!

بەدوای کۆبوونەوەو دانوسانی چەندینجارەی نێوان وەفدی هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێم و پاش تێپەڕکردنی بێنەوبەردە و تەنگژەیەکی چەندین مانگە، ڕۆژی چواری ئەم مانگە بەئامادەبوونی محمد شیاع سودانی و مەسرور بەرزانی ڕیکەوتننامەیەکیان لەپەیوەند بەچۆنیەتی فرۆشتن و کۆکردنەوەی داهاتی نەوتی هەرێمەوە واژۆکرد. ڕایانگەیاند کەئەم ڕیکەوتنە سەرەتایەک دەبێت بۆ چارەسەری باقی کێشەکانی تری نیوان هەرێم و بەغدا و دەبێتە مایەی ئارامی و سەقامگیری و باشکردنی ژیانی خەڵک! بەڵام بەجیا لەناوەڕۆکی ئەم ڕێکەوتنەو پڕوپاگەندەیەک کەسەرانی دەسەڵاتدار چ لەعیراق و چ لەکوردستان دەستیان داوەتێ، ئەم ڕیکەوتنە لەجەرگەی ئەو قەیرانە خنکێنەرە سیاسی و ئابوریەی کەبەرۆکی پێگرتون، جگە لە ڕێکەوتنێکی ناچاری شتێکی تر نیە و هەردولا بۆ ڕاگرتنی پایەکانی دەسەڵاتدارێتیان بەسەر کۆمەڵگادا و خاوکردنەوەی نارەزایەتیەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش دەستیان داوەتێ. بەتایبەتی کەلەسەرێکی ئەم ڕیکەوتنەدا، ئەوە سودانی و حکومەتەکەیەتی لەسەر زەمینەی گێژاوێکی سیاسی ناوخۆیی و ناوچەییەدا و کۆمەڵیک ناکۆکی بێچارە و نادیار ڕاوەستاوە؛ لەوانە ناکۆکیەکانی نێوباڵەکانی هێزە سیاسیەکانی شیعە، دەخالەتی ئەمریکا و ئیران و تورکیا، بونی هێزە میلیشیاییەکان، کێشە و ناکۆکیەکانی هێزەکانی سوننەو ناسیۆنالیستی کورد لەگەڵ شیعەکاندا، لەپاڵ قەیرانی ئابوری و بێتوانایی حکومەت لە وەڵامدانەوە بەخواستەکانی خەڵک و نەبونی خزمەتگوزاریەکاندا هەموو ئەمانە حکومەتەکەی سودانی ناچارکردوە، تا لەڕێگای لێسەندنەوەی ئیمتیازاتێک لەبواری فرۆشتنی نەوتی هەرێمدا، دەستبەرێت بۆئەم ڕیکەوتنە.

لەوسەری تریانەوە ئەوە حکومەتی هەرێمە کە بۆ دەربازبوون لەو بنبەستە سیاسی و ئابوریە و لەو بێتوانایی و ناکارامەییەی کە لەبەڕیوەبردنی کۆمەلگادا دەستوپێی تیا دەکوتی، بۆداپۆشینی ئەو لێکترازانەی کە لەناوخۆدا دەرگیریەتی، ناچارە مل بە داواو خواستەکانی حکومەتی عیراق بداتەوە و هەرچۆنێک بووە لەگەڵی ڕێکەوێت. بەدڵنیاییشەوە ڕێکەوتنێکی لەمجۆرە دورونزیک پەیوەندی نە بەخواست و ئارەزوکانی خەڵکی عیراق و کوردستانەوەیەو نەدەتوانێ ببێتە مایەی کەمترین ئارامی و سەقامگیری بۆ خەڵک. ئەوەی هەیە ئەم ڕیکەوتنە هەنگاوێکە بۆ تێپەڕکردنی بودجەی سێ ساڵەی عێراق، واتە بۆ دابەشکردنی داهات و سامانی کۆمەلگا لەنیوان خۆیاندا، کە کەس نازانێ دەکەوێتە بەردەم ڕەحمەتی کام ”دزی سەدە“یەکی ترەوە. لەیەک وتەدا ئەم ڕێکەوتنەی نیوان هەرێم و بەغدا، بەرئەنجامی ئەو ئاڵوگۆڕانەیە کە لەهاوکێشەی هێزدا ساڵانێکە بەدیهاتووە، کەتێیدا هەوڵی بالادەستکردنەوەی دەسەڵاتی مەرکەزی بەسەر هەرێمدا و ڕەوتی تەسلیمبوونی بۆرژوازی کوردو حزبەکانی بەبەغدا، لەژێر ناوی ”ستراتیژی گەرانەوە بۆ بەغدا“ دەستی پێکردووە.

تا ئەو جێگەیەی بەکوردستان دەگەڕیتەوە، کێشەی سەرەکی و بنەڕەتی خەڵکی کوردستان، بەتەنها لەوەدا نیە کەنەوتی هەرێم چۆن و کام کۆمپانیایە دەیفرۆشێت، بەڵکو کێشەکە لەجۆری ئەو سیستەم و دەسەلاتەدایە کە لەفیدرالیێزمێکی قەومیدا، لەلایەن ئەمریکاوە بەناوی دیموکراسیەوە سەپێندراو بەبێ ئیرادەو بڕیاری خەڵک، کوردستانیان بەعیراقەوە بەستەوە. سیستەم و فیدرالیزمێک کەدەسەڵات بەسەر دەستەوتاقمی قەومی ودینی و هێزی چەکداریاندا دابەشکراو لەونێوەشدا، نەوت و داهاتی کۆمەڵگا کەوتە چنگی خۆیان و کۆمپانیا و هێزە میلیشیایەکانیانەوە. ئەوەشی بەر جەماوەری زەحمەتکێشی عیراق و هەرێم کەوت، جگە لە نائارامی و گێژاوێکی سیاسی و کوشتوکوستار و بێکاری و هەژاری و کەمی موچەو نەبوونی خزمەتگوزاریەکان شتێکی تر نەبوو.

خەڵکی کوردستان مادام خۆیان بەڕیوەبەری کۆمەلگا نین و دەسەلاتیان بەدەستەوە نیە، مادام کەهیشتا ئیرادەی کۆنترۆڵی داهات و سامانی کۆمەلایەتیان لەدەست نەگرتوە، نابێ لەبەرەی هیچ لایەکی ئەم ڕیکەوتنەدا راوەستن. تەنانەت نابێ بەپڕوپاگەندەی لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکان دڵخۆشبن بەوەی کە ئەگەر نەوت تەسلیمی بەغدا بکرێ گوزەرانیان باشتر دەبێت و موچەکانیان مسۆگەر دەبێت! بەڵکو بەپێچەوانەوە بەدیهێنانی باشبژێوی و ژیانێکی تەسەل تەنها بەخەباتی یەکگرتوانە و شۆڕشگێرانەی جەماوەری بۆ هەڵوەشانەوە و گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن خۆیانەوە، مەیسەر دەبێ. دەسەلاتدارێتیەکی جەماوەری ڕیکخراو لەشوراکاندا، زامنی بەدەستەوەگرتنی داهاتی نەوت و سامانی کۆمەڵایەتی و بەکارهێنایەتی لەخزمەتی هاوڵاتیاندا بەشیوەیەکی عادیلانە.

جەماوەری بەشمەینەتی کوردستان!

ئەگەر ئەوان ڕیکەوتون و داهاتی نەوتیان لەنیوان خۆیاندا کۆنترۆڵ و دابەشکردوە، ئەوە ئێمە کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و بێکار و موچەخۆرانی کوردستانین کە دەبێ لەهێزێکی یەکگرتوو و ڕیکخراودا، نارەزایەتیەکانمان بهێنینەمەیدانەوە و لەبەرامبەر ئەم ڕێکەوتنەدا ڕابگەیەنین: ئیتر هیچ پاساویک بۆ نەدانی مووچە ودابین نەکردنی کارو خزمەتگوزاریەکان قابیلی قەبوڵ نییە، ئیتر دەبێ نەوت و گاز بەخوڕایی بکرێ و بخرێتە خزمەت هاوڵاتیانەوە، دەبێ موچەو کرێکانمان زیاد بکرێ و لەداهاتی بەردەستتان ژیان و گوزەرانی ئێمەش باش ببێت..

٧/٤/٢٠٢٣

# ئاڵۆزیەک لە هەڵبژاردنی هەرێمدا!

## عوسمان حاجی مارف

ئەگەر مانگی ١١/٢٠٢٣ یان دیاری کردبێت بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، پاش ئەم دیاریکردنە ئەوەی پێویستە قسەی لەسەر بکەین و جێگای پرسیارمان بێت، ئایا هەلومەرجی سیاسی ناڵەباری ئێستای کوردستان و ئاڵوگۆڕ لە ئاستی هاوسەنگی هێزەکان، رێگە بەوە ئەدات ئەو هەڵبژاردنە ئەنجام بدرێت و ئەم ئاڵۆزیە تێپەڕێنرێت؟

ئەو هۆکارەی هەر لە سەرەتاوە ئەم هەڵبژاردنەی بۆ کاتێکی نادیار دواخست، کاریگەری ئەو پێشهات و ئاڵوگۆرانە بوو لەسەر پێگە و ئایندەی هێزە سیاسیەکان. ئێستاش تەواوی ئەو لایەنە سیاسیانەی کە بانگەشەی ئەنجامدانی کاریکاتۆری هەڵبژاردنی دەکەن، لە هەمووکات زیاتر گیرۆدەی هەلومەرجێکی قەیرانگرتووی سیاسی و ئابوری وەهابوون ئەوسەرەکەی دیارنیە. لەلایەکی تریشەوە هاوسەنگی و پێگەی لایەنە سیاسیەکان گۆڕانێکی وەهای بەسەر هاتووە کەسەختە بتوانن برۆنە ناو گەمەی قوماری هەڵبژاردنێکەوە، تا شەری دۆران و بردنەوە بکەن، چونکە کاریگەری ئەو هەڵبژاردنە لەسەر ئایندەی رۆڵی هێزو لایەنەکان دەیانخاتە بەردەم سەرگەردانیەکی زیاترو حەتمیەوە.

ئەگەرچی دواجار لەژێر هەر فشارو هەر ناچارییەکدا بێت، رایانگەیاند مانگی یانزەی ئەمساڵ هەلبژاردن ئەنجام دەدەن و کاتێکیشیان بۆ هەڵبژاردن تەرخانکرد، بەلاّم هێشتا دۆخەکە لە ئاڵۆزیەکی وەها بەرچاودایە کە ناتوانرێت پێشبینی ئەنجامدانی هەڵبژاردنە بەشێوەیەکی مسۆگەر بکرێت.

هەڵبەتە ئەتوانین ئاڵۆزی دۆخەکە کە ئەگەری شکستی ئەنجامدانی هەڵبژاردنە زیاتر دەکات لەچەند حاڵەتێکدا ویّنا بکەین؛ یەکەم بێزاری و نارەزایەتی جەماوەرێکی بەرینی خەڵکی کوردستانە کە ئەزمونێکی تاڵیان لەگەڵ ئەم دەسەڵاتەو پرۆسەی هەڵبژاردنەکانیاندا `هەیەو بەجۆرێک تاقییان کردۆتەوە، کە زیاتر لە هەرکاتێکی تر خەڵکی ئێتر ئامادەنین لەوە زیاتر خۆیان سەرقاڵ بکەن بە هەڵبژاردن و دەنگدانێکەوە کە نەک هیچ بەلاو دەردیسەریەکیان لە کۆڵ ناکاتە، بگرە دەرگیری بەلای زیاتریشیان دەکات، بەجیا لەوەش خواستی کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی سیاسی ئەو لایەنە سەرەکیانەی بەشداران لە پێکهاتنی حکومەت، ئومێدی بەرجەستەی جەماوەرێکی بەرفراوانی خەڵکی کوردستانە، بۆیە پێشبینی دەکرێ کە رێژەی بەشداربوان لەچاو تەواوی هەڵبژاردنەکانی پێشتردا زۆر کەمتر بێت.

دووەم گەر هەڵبژاردنەکانی پێشتر زیاتر پارتی و یەکێتی بە هەر شێوازێک لە کێشمەکێش یا رێکەوتن رۆڵی سەرەکیان دیبێت و تارادەیەک هاوسەنگیان راگرتبێت، بەلاّم لە خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی ئەم جارە، پاشەکشەو هاوسەنگی هێزی یەکێتی بەجۆرێک دابەزیوەو لە دۆخێکی تەواو نەرێنیدا دەردەکەوێت، کە نە بەکێبرکێ و نە بە رێکەوتن ناتوانێ هاوسەنگی خۆی لەبەرامبەر پارتیدا بەهیچ جۆرێک رابگرێت، لەهەمان کاتدا لایەنەکانی تری بەشداریش لەم هەڵبژاردنەدا ناتوانن هیچ کۆمەکێک بە بەرزکردنەوەی ئاستی هاوسەنگی بەشداری یەکێتی بکەن، ئەنجامدانی ئەم هەڵبژاردنە تەڵەیەکی وەهایە بۆ یەکێتی، بەشداری بکات یا بەشداری نەکات زیانێکی زیاتر لە دابەزینی ئاستی هاوسەنگیەکەی دەکات. سێیەم ئەو لایەنانەش کە بە ناوی ئۆپۆزیسیۆن بەهەر شێوازێک خۆیان تێکەڵ بەبەرنامەی هەڵبژاردن دەکەن، لە گۆڕان و ئیسلامیەکان و نەوەی نوێ، ناتوانن کاریگەریان لەسەر کاڵکردنەوەی ئاڵۆزی دۆخەکە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن هەبێت. بەتایبەتی گۆران بنبەستی تەواوی خۆیان لە هەموو لایەنێکەوە نیشانداوین، ئیسلامیەکان لەبەرامبەر ناکۆکی رۆڵی سیاسی چەند ساڵەیاندا وەها دەرگیربون، کە لەرێگەی هەڵبژاردنەوە فرسەتی دەخالەتی کاریگەریان بۆ ئاڵوگۆر لە چۆنیەتی پرۆسەی هەڵبژاردندا لە دەستداوە، نەوی نوێش لەو مەقعیەتەدا نیە بتوانێ هیچ دەوروونەخشێک لە پرۆسەی بە ئەنجام گەیاندنی هەڵبژاردندا هەبێت.

ئەم دۆخە لە ئاڵۆزی ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردن، جارێکی تر هەلومەرجی قەیراناوی سیاسی و ئابوری کوردستان دەخاتە دەورانێکی ترو جۆرێکی تر لە گێژاو و نائارامی و ناجێگیری سیاسی زیاترەوە، کە پێوستە دەکات کرێکاران و زەحمەتکێشان و جەماوەری نارازی زیاتر بیر لە ئایندەو چارەنوسی خۆیان بکەنەوە، بەجیا لە هەوڵدان بۆ بەشداری لە شکستهێنان بە پرۆسەی هەڵبژاردن، لەهەمانکاتدا خۆ رێکخستن و ئامادەکاری هاتنە مەیدان بۆ کۆتاییهێنان بەتەواوی دەوری حزبە ناسیۆنالستەکان لە دەسەڵاتی سیاسیداو بۆ دابینکردنی دەور دەخالەتی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسیدا، دەبێت پێشرەوی بکەین.

★

# ناڕەزایەتی کرێکارانی فەرەنسا و پێشڕەویەکانی!

## نوری بەشیر

ناڕەزایەتی ملیۆنی ئەم دەورەیەی کرێکارانی فەرەنسا لەبەرانبەر زیادکردنی تەمەنی خانەنشینی لە ٦٢ ساڵیەوە بۆ ٦٤ ساڵ دەستیپێکردوە و پێیناوەتە سێهەمین مانگەوە. لەناو ئەو ناڕەزایەتیانەدا تەنیا لەمانگی جەنیوەریدا لە٢٤٠ ناوەندی جیاوازدا خۆپیشاندان لەسەراسەری فەرەنسادا ئەنجامدراوە. لە ٧ی مارسدا فەرەنسا خۆپیشاندانی سێ ملیۆن و نیوی بەخۆیەوە بینی. ئەوەی بەرچاوبوو لەم ناڕەزایەتیانەدا ریزی یەکگرتووی سەرجەم یەکێتیە کرێکاری و سەندیکا و کۆنفدراسیۆنە کرێکاریەکان و مامۆستایان و قوتابیان و فەرمانبەران بوو کە بەگشتی لەدەوری بانگەوازی یەکێتیە کرێکاریەکان کۆبوونەتەوە و هەتا حزب و لایەنە چەپەکانیشی خستوتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. بەگشتی فەزای کۆمەڵگا و ناڕەزایەتیەکان ڕوخسارێکی رادیکال و سۆسیالیستی پێوەدیارە لە دروشم و خواستەکان و داواکاری ڕۆشتنی ماکرۆن و حکومەتەکەی و وتنەوەی سروودی ئەنتەرناسیونال لە ناڕەزایەتی ملیۆنیدا. هەروەها لەمانگی جەنیوەریدا بەپێی راگیریەک کرابوو لە ٧٥٪ خەڵک لایەنگری ئەم ناڕەزایەتیانە و بەدژی سیاسەتی دەوڵەتن. ناڕەزایەتیە کرێکاریەکانی ئێستا بۆ بۆرژوازی و چینی کرێکاریش مەیدانێکی شەڕی چینایەتی گەورەیە کە پرێشکەکەی ئەورووپاشی گرتوتە و هەر زوو کاریگەریەکەی گەورەترین ناڕەزایەتی کرێکارانی بەشەکانی خزمەتگوزاری و ڕێگاوبانی ئەڵمانیای بەدوای خۆیدا هێنا کە لە سی ساڵی رابردوودا بێوێنەبووە و کاریگەریەکانیشی لەسەر ناڕەزایەتیەکانی ئیسپانیا و بەریتانیاش و وڵاتانی تریش ووردە ووردە دەردەکەوێت.

ئەم ناڕەزایەتیە کرێکاری و جەماوەریە بەرفراوانە بەدوای ئەو سیاسەتە دژی کرێکاریەی ماکرۆندا دێت کە لەسەرەتای ئەمساڵدا بێئەوەی بگەڕێتەوە بۆ حکومەت و پەرلەمان بڕیار لەسەردا بەزیادکردنی تەمەنی خانەشینی. ئەم ناڕەزاتیانە ئەگەرچی سەرەتا لەسەر بانگەوازی یەکێتیە کرێکاری و سەندیکاکان دەستی پێکرد، بەڵام هەرزوو لە کۆمەڵگەدا تەقیەوە بووە بزوتنەوەیەکی ناڕەزایەتی جەماوەری بەرفراوان و زۆربەی کۆمەڵگای گرتەوە. بەجیا لەم هێرشەی ماکرۆن لە زیادکردنی تەمەنی خانەنشینی کە هێرشە بۆسەر هەموو کۆمەڵگا، بەردەوام لە دەورەی رابردوودا بۆرژوازی فەرەنسی و حکومەتەکەی هێرشێکی فراوانی بۆسەر کۆمەڵگا بەشێوەیەکی سیستماتیک و ڕێکخراو دەستپێکردوە کەبەشێوەیەکی سەرەکی خۆی لەزیادبوونی نرخی شتومەک و پێداویستیە ڕۆژانەییەکان دەبینێتەوە بەدوای قەیرانی دەستپێکردنی جەنگی ئۆکرانیا. سەرباری ئەوە حکومەتی ماکرۆن دەستی داوەتە هێرش بۆسەر لاوان و بێکاران و پەنابەران و کۆچکردوان و کردووەی راسیستانە بەرامبەریان. سەرباری کردەوەی توندوتیژی پۆلیس دژ بە خەڵک و خۆپیشاندەران. بەپێی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵی فرانس پرێس لەساڵی رابردوودا ١٥٠٠ حاڵەتی توندوتیژی پۆلیس تۆمار کراوە، هەمووی ئەمانە کۆمەڵگەی فەرەنسا زۆر بە فراوانی وشیارن پێی و هەستی پێدەکەن.

هەواڵەکانی ناڕەزایەتیە کرێکاریەکانی ئەم دەورەیەی فەرەنسا، لەگەڵ هاتووهاوار و تۆمەت هەڵبەستن و پروپاگەندەی ئاژاوەگێری و دەستی دەرەکی لەپشتەوەبوون لەلایەن باڵەکانی بۆرژوازی و میدیاکانیانەوە نەیتوانیوە نەک هەر ناڕەزایەتیەکان پاشەکشە پێبکات، بەڵکو نەیتوانیوە ڕێگربێت لەوەی پشتیوانی جەماوەری و گشتی بۆ ناڕەزایەتیەکان بەرین و فراوان بێتەوەو ببێتە مەسەلەیەکی گرنگی میدیای ناوخۆی فەرەنسا و ئەوروپا و هەتا جیهانیش. گرنگی ئەم ناڕەزایەتیانە؛ تەنیا لە مانگرتنە سەراسەریەکان و خۆپیشاندانی ملیۆنی و ئیدامەکاریەکەیدا نیە، بەڵکو بەجیا لەوانە ڕوخساری میلیتانتی هەبوو لەبەرامبەر هێرش و توندوتیژی و سەرکوت و ڕشتنی گازی فرمێسک رێژ و دەستگیرکردنەکانی پۆلیسدا. خۆپیشاندەرانیش بەشێوەیەکی رادیکاڵ و شۆڕشگێڕانە وەڵامی پۆلیسیان داوەتەوە و هێرشیان کردۆتە سەر بنکەکانی سەرکوتی بۆرژوایی و لە ناوەندەکانی شارە گەورەکاندا رێگاکانی هاتووچۆیان گرتووە و مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی کرێکاران ئیستگاکانی هاتوچۆی شەمەندەفەرەکان و پاسەکان و بەنزینخانەکان و زانکۆکان و زۆر شوێنی تری دەوڵەتی پەکخستووە...

خەسڵەتی ناڕەزایەتیە ئیدامەکاریەکەی کرێکاران و جەماوەری بەشمەینەتی فەرەنسا ترسێکی زۆری لەسەر هەموو بۆرژوازی دەسەڵاتدار داناوە، بۆیە باڵی توندڕەو و راستڕەوی فەرەنسا داوا لە ماکرۆن دەکەن کە بەهەر شێوەیەک بووە ئەو ناڕەزایەتیانە پاشەکشە پێبکات. بەمە مەیدانی کێشمە چینایەتیەکەی نێوان بۆرژوازی و کرێکاران ڕۆشنتر بووە و کرێکاران سورترن لە بەردەوامی ناڕەزایەتیەکانیان بۆ داواکاریەکانیان و پاشەکشەی ماکرۆن و حکومەتەکەی لە سەپاندنی

ئەو یاسا نوێیەدا.

ڕیشەی ئەم ناڕەزایەتیانەی فەرەنسا لە گەورەیی و مەزنیەک کە هەیەتی کاریگەری مێژوویەک لە شۆڕش و دەوروجێگای چینی کرێکارە لەو وڵاتەدا کە هەیبووە لەوانە شۆڕشی فەرەنسا و کۆمۆنەی پاریسە کە وەک دەرس و دەستکەوتێکی چینایەتی گرنگ کاریگەری بەسەر کۆمەڵگاوە هەیە .

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو پێشڕەویانەی چینی کرێکاری فەرەنسا لەم ناڕەزایەتیانە و جەماوەری بوونەوەی لەئاستی هەموو کۆمەڵگادا و هاتنەمەیدانی چینایەتی و شۆڕشگێرانە و وەستانەوە لەبەرامبەر سیاسەتی سەرکوتگەرانەی بۆرژوازیدا نیشانی داوە، بەڵام ئەم بزوتنەوەیە لاوازیەکی گەورەی هەیە لەڕووی ڕێکخراوبوونی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستیی چینی کرێکارەوە، کە بتوانێت ناڕەزایەتیەکانی ئێستای چینی کرێکارو جەماوەری نارازی فەرەنسا بەرەو سەرکەوتن و بەرێت و پاشەکشەیەکی جدی بە حکومەتی بۆرژوازی فەرەنسا بکات و هاوکات چینەکە ئامادەبکات بۆ شەڕی کۆتایی لەگەڵ بۆرژوادا کە ١٥٠ ساڵ لەمەوبەر چینی کرێکاری پاریس یەکەم ئەزمونیان کرد و نمونەیەکیان لە شۆڕشی چینایەتی پرۆلیتاریا بە کرێکارانی جیهان نیشان دا. ئەرکی سەرەکی کۆمۆنیستەکانی چینی کرێکار لە فەرەنسا ئەوەیە کە ئەم ئەرکە مەزنە مێژووییە وەڵام بدەنەوە.

٩/٤/٢٠٢٣

# بۆچی هەرێم شکستی هێنا لە پرسی فرۆشتنی نەوتدا!؟

## موحسین کەریم

دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت وەکو کاڵایەکی ستراتیژی بەندە بە مافی دەسەڵاتداریتی بەسەر ئەو ناوچەیەدا و هەروەها خاوەنداریتی یاسایی و بەدەستهێنانی مافی دەرهێنان و ناردنەدەرەوەی، واتە بۆئەوەی بتوانی نەوت دەربهێنی و بیفرۆشیت دەبێ مافی حاکمیەتی سیاسیت بەسەر ئەو ناوچەیەدا بۆ بەرەسمی ناسرابێت کە کێڵگە نەوتیەکانی تێدایە.

لەدوای ساڵی ٢٠١٤وە کە بەهۆی شەڕی داعشەوە دەوڵەتی ناوەندی دەسەڵاتی بەسەر کێڵگە نەوتیەکانی کەرکوک ناوچەکانی دیکەدا نەما بەکردەوە حکومەتی هەرێم دەرفەتی ئەوەی دەسکەوت بەهاوکاری دەوڵەتی تورکیاو کۆمپانیاکانی نەوت، نەوتی کەرکوک و ناوچەکانی دیکەی کوردستان بفرۆشێت.

بەڵام ئەم نەوتفرۆشیەی حکومەتی هەرێم و یان دروستتر بڵێین پارتی و یەکێتی، بەشێوەی قاچاخ بووەو هەر بەو هۆکارەش کە مافی دەرهێنان و فرۆشتیان لە بازاری جیهانیدا نەبووە، بۆیە نەک ئەو نەوتە هەرزانفرۆش دەکرا لەلایەن پارتی ویەکێتیەوە، بەڵکو سەرەنجام ئەو مافەیان لێ سەندەوە!

ئەگەرچی بۆماوەیەک بەهۆی شەڕەکەوە حکومەتی ناوەندی کە پێویستی بەهاوکاری سەربازی پارتی و یەکێتی هەبوو هاوکاتیش ئەو بەشە بودجەیەی کە پێشتر هەردوولا لەسەری ڕێک کەوتبوون نەدەنارد، چاوی لەو مەسەلەیە پۆشی، بەڵام دوای ئەوەی کە ڕووداوەکانی ١٦ ی ئۆکتۆبەر دەسەڵاتی دەوڵەتی بەسەر ناوچە نەوتیەکانی کەرکوکدا زاڵکردەوەو هاوکات پێگەی دەسەڵاتی هەرێمی بەرامبەر بە حکومەتی ناوەند لاوازکرد، هەنگاوەکانی حکومەتی ناوەندی بۆ دەرهێنانی فرۆشتنی نەوت لەژێر دەستی پارتی و یەکێتیدا توندتر و کاریگەرتربوونەوەو سەرەنجام حکومەتی ناوەندی لەڕێگای دادگای پاریسەوە ئەو کەیسەی یەکلایی کردەوەو کۆتایی بەو پرۆسەیە هات، چونکە لەڕووی یاساییەوە ئەوە دەوڵەتی عێراقە کە مافی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوتی عێراقی هەیە بە نەوتی کوردستانیشەوە!

حکومەتی هەرێم کاتێک مافی فرۆشتنی نەوتی هەبوو کە مافی حاکمیەتی بەسەر کوردستاندا بۆ بەرەسمی بناسرایە، یاخود بناسرێت؛ واتە کاتێک هەرێمی کوردستان یان کوردستانی عێراق ببێت بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ ئەو کاتە ئەو مافەی هەبوو، نەک ئەوەی کە پارتی بە پلەی یەکەم و لایەنگرانی "ئابوری" سەربەخۆ دەیانووت : لەڕێگای فرۆشتنی سەربەخۆی نەوتەوە ئابوری سەربەخۆ بنیات دەنێین و بەوجۆرە دەوڵەتی سەربەخۆ دروست دەکەین!

★

**شۆڕشی سۆشیالیستی تەنها لەڕێگای هاتنەمەیدانی چینی کرێکار و جەماوەری ستەمکێش، لە ڕیزێکی ڕێکخراو لە دەوری ئاسۆی سۆشیالیستی و بە ڕابەریی حزبی کۆمۆنیستی چینی کرێکاردا مەیسەردەبێت؛ بەم پێیەش پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لەهەر هانگاوێکدا ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە پەرەسەندنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی و تەحەزوبی کۆمۆنیستی ئەم چینەوە. دابڕان و سنووربەندی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشە لە ئاسۆ و ئامانج و سیاسەتی بزووتنەوە و ئەحزابی بۆرژوازی. بەتایبەتیش، بەهێزبوونی کۆمۆنیزم لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمی کورد لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی بەرفراواندا، مەرجێکی سەرەکی پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەیە لە کوردستاندا.**

**لە بەڵگەنامەی "مانیفێستی حزب بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانە"**

**پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری کوردستان/ تشرینی دووەمی ٢٠٢١**

# تەنها بەڕاوەستانی خەڵکی نارازی دەتوانرێ بەر بەم تیرۆریزمە بگیرێت!

ئەو هێرشەی دوێنی کرایە سەر ئۆتۆمبیلێک لە فرۆکەخانەی سلێمانی، تەنها کردەوەیەکە لەناو زنجیرەیەک کردەوەی تیرۆریستی بەردەوامدا کە دەوڵەتانی وەک تورکیاو ئێران بۆسەر لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانیان کە لە کوردستاندا نیشتەجێن، بە نەخشەوە ئەنجامی دەدەن و هێزەکانی بۆرژوازی کوردیش، چاوساغی و هاوکارییان دەکەن. بێگومان ئەم کردەوە تیرۆریستیانەی وڵاتانی ناوچەکە لەگەڵ ئەوەدا کە کەشێکی مەترسیدار و نائەمن و نائارامی بۆ هەلسورانی سیاسی لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانیان پێکهێناوە، هاوکات فەزایەکی ترس و نائەمنی بۆ سەر خەڵکی کوردستان، خوڵقاندووە. هەربۆیە دەبێ خەڵکی کوردستان بەگشتی و خەڵکی شاری سلێمانی بەتایبەتی، لە دژی ئەم تیرۆریزمە و ئەم پەلامارانەی دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە ڕابوەستنەوە. پێویستە خەڵکی کوردستان بۆ پاراستنی دۆخی ئەمنی و سەلامەتی گیانی خۆیان و هەڵسوراوانی ئۆپۆزسیۆنی نیشتەجی لەکوردستاندا، کاردانەوەی یەککگرتوانەوە و ڕێکخراو بەدژی ئەم کردەوە تیرۆریستیانە بەڕێبخەن.. لەچەشنی کۆبونەوەو نارەزایەتی لەبەردەم کۆنسوڵخانەی وڵاتەکان و بەرزکردنەوەی داواکاری چوونە دەرەوەی بارەگا وهێزی سەربازی و ئەمنی دەوڵەتانی ناوچەکە لەکوردستان. هاوکات پێویستە نارەزایەتی جەماوەی بەسازدانی کۆبونەوە لەبەردەم بارەگاکانی یوئین بۆ بەپرسیاریەتی هەڵگرتن لەم کردەوانە بەڕیبخرێ و بۆ ئیدانەی ئەم دەستێوەردانەی وڵاتەکان، هەنگاوی جدی بنرێ وهەرلێرەشەوە گوشارەکان بۆ سەر حزبەکانی دەسەڵات توندوبەرین بکرێتەوە..

ئیمە لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەکاتێکدا بەتوندی ئیدانەی ئەم کردەوە تیرۆریستیانە و دەستێوەردانی وڵاتانی ناوچەکە لە هەرێمی کوردستاندا دەکەین، هاوکات پاراستنی ئەمنیەت و سەلامەتی هەلسوارانی سیاسی ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتانی ناوچەکە بەئەرکی خۆمان دەزانین و هەرلێرەشەوە دەسەڵاتی سیاسی بە بەرپرس دەزانیین لە پاراستنی ئەمنیەتی بنکەو بارەگا و کادر و هەلسوڕاوانی ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتانی ناوچەکە □ خەڵکی کوردستان تەنها بەڕاوەستانی هێزی یەکگرتوانەو ڕێخکراوی خۆیان دەتوانن بەر بەم تیرۆریزمە بگرن و ڕێگا نەدەن کۆمەلگای کوردستان لەلایەن دەولەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەو بێدەربەستی دەسەلاتەوە پەلکێشی دۆخێکی مەترسیدار و نائارام بکرێ.

**حزبی کۆمۆمۆنیستی کریکاریی کوردستان**
**٨/٤/٢٠٢٣**


ئۆکتۆبەر

**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ڤایبە: 07700475533
مۆبایل:0044(0)7394013135
oct.1917@yahoo.com
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**



سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com